# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## را پۆرتی سیازدەهەم: کێشەی قەرەباڵەغی لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٨**

١/١١/٢٠١٨

# ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| ١ | پێشەکی |
| ٢ | کارنامەی یەکە |
| ٣ | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| ٨ | دەستپێک |
| ٩ | ١. بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار |
| ٩ | ا. ئاماری سەردانی نەخۆش بۆ بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە. |
| ١٠ | ب. هەڵسەنگاندنی هاولاتیان بۆ بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە |
| ١٢ | ت. نەخۆشەکان چی دەڵێن لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە، |
| ١٢ | پ. پزیشکان گلەیی خۆیان هەیە سەبارەت بەو نەخۆشانەی کە دێنە نەخۆشخانەکە |
| ١٣ | ح. گرنگیدان بە لایەنی دەرونی هاولاتیان |
| ١٤ | ج. پزیشکانی بەشی راوێژکاری: ئێمە نەخۆش بەڕێدەکەین نەک چارەسەر! |
| ١٤ | خ. پزیشکانی نەخۆشخانەکە تا کوێ لە گەڵ نەخۆشەکان دەمێننەوە |
| ١٥ | ر. ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەوە بۆ نۆرینگەکان |
| ١٦ | ٢. بەشی دەرمانخانە |
| ١٦ | ا. "ئەو دەرمانانەی کە نرخیان هەرزانە لە نەخۆشخانە پێم دەدەن ئەوەی گرانە دەبێت خۆم بیانکڕم" |

| | |
|---|---|
| ب. پزیشکان گلەیی لە نەبونی دەرمانە پێویستەکان دەکەن | ١٦ |
| ٣. بەشی نەشتەرگەری و داخلکردنی نەخۆش | ١٧ |
| ا. ئاماری بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە | ١٧ |
| ب. ئەوانەی نەشتەرگەریانکردوە لە نەخۆشخانەی گشتی چی دەڵێن؟ | ١٨ |
| ت. پزیشکانی نەخۆشخانەکە: ئامادەنین ژیانی نەخۆشەکانمان لە بەشی داخلکردنی نەخۆشخانەکە بخەینە مەترسیەوە | ١٨ |
| پ. ئەو کەسانەی کە داخلکراون لە نەخۆشخانەکە چی دەڵێن دەربارەی بەشەکە؟ | ١٩ |
| ٤. بەشی تاقیگە و تیشک | ١٩ |
| ا. چاوەڕوانیکردن نەخۆشەکانی وەڕس کردوە | ١٩ |
| ب. ناتەندروستی شوێنی وەرگرتنی نمونە (سامپڵ) بۆ شیکار لە نەخۆشەکان | ١٩ |
| ٥. بەشی بەڕێوبردن و کارگێڕی نەخۆشخانەکە | ٢٠ |
| ا. جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە:"کەسێک ساغیشبێت بیهێنە بەشی راوێژکاری نەخۆش دەکەوێت" | ٢٠ |
| ب. بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەکە: کەلار بەهەمو شێوەیەک پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی دیکە هەیە | ٢١ |
| ت. بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە: "ئەوەی لە بەشی راوێژکاری ئەم نەخۆشخانەیە دەکرێت هیچ رەبتێکی بە راوێژکاریەوە نیە!" | ٢١ |
| پ. "سیستەمی تەندروستی لە گەرمیان لاوازە" | ٢٢ |
| ٦. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان | ٢٢ |
| بەشی سێیەم: راسپاردە | |
| راسپاردەکان | ٢٥ |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٠٣ ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ٠١ رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٠٢ سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێرییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

**دەستپێک:**

گەرمیان ناوچەیەکی بەرفراوانە و قەزای کەلاریش سەنتەری ئەو ناوچەیە، زۆرینەی دامودەزگاکانی کەلار لۆدی تەواویان لەسەرە لە نێویشیاندا کەرتی تەندروستی.

جگە لە ژمارەی زۆری دانشتوانی قەزای کەلار هاوڵاتیانی بەشێک لە ناوچەکانی دیکەش سەردانی نەخۆشخانەکانی کەلار دەکەن و هێندەی دیکە قەرەباڵەغی لە نەخۆشخانەکان دروستکردوە و بوەتە بارگرانی بۆ سەر سەردانیکەرانیش.

لەم راپۆرتەدا بە وردی ئەو گرفتانە دەخەینەرو کە بوەنەتە هۆی ئەوەی هاوڵاتیانی ناوچەکە لە کەرتی تەندروستی نارازی بن و لەگەڵیشیدا بۆچونی لایەنی پەیوەندیدار باسدەکەین، هەروەک نەخۆشخانەی گشتی کەلار کە گرنگترین و دیارترینە لە قەرەباڵخیدا بە نمونە وەردەگرین.

*** نەخۆشخانەی گشتی کەلار:**

بەپێی زانیاریەکانی بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان نەخۆشخانەی گشتی کەلار لە ساڵی (١٩٧٨) دا دروست کراوە، سەرەتا تەنها بنکەیەکی تەندروستی بوە دواتر فراوان کراوەو کردویانە بە نەخۆشخانە، پاشان لە ساڵی (١٩٩٦) بەشی چەپی نەخۆشخانەکە دروست کراوە. نەخۆشخانەکە ٥٠ قەرەوێڵەییە، بەڵام لە ئێستادا کراوە بە ٧٠ قەرەوێڵە.

## ١. بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار:

### أ. ئاماری سەردانی نەخۆش بۆ بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە

ئاماری سەردانیکەرانی نەخۆشخانەکە بۆ بەشی راوێژکاری لە نۆمانگی ئەم ساڵدا بەم شێوەیەیە:




کۆی ژمارەی نەخۆشی سەردانیکەر بۆ نەخۆشخانەکە لەماوەی تەنها نۆ مانگدا (٦٨٠٣٩) شەست و هەشت هەزارو سی و نۆکەس دەبیت.

وەک دەبینین کەمترین ڕێژەی سەردانی کردن لە مانگی نیساندایە کە(٤٥٦٠) چوار هەزار و پێنج سەد و شەست نەخۆش سەردانی کردوە بەهۆی بایکۆتی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیەوە لە نەخۆشخانەکە هاوشێوەی بەشی زۆری نەخۆشخانەکانی دیکەی کوردستان.

زۆرترین رێژەی سەردانی کردنی لەمانگی تەموزدایە کە (٨٨٥٤) هەشت هەزار و هەشست سەد و پەنجاو چوار نەخۆش سەردانی کردوە.

بەمپێیەش ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکە مانگانە زیاد لە (٨٠٠٠) هەشت هەزار نەخۆش تێدەپەڕێنێت.

## ب. هەڵسەنگاندنی هاوڵاتیان بۆ بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە

لە کاتی سەردانی کردنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دیمەنێک لە بەشی راوێژکاری سەرنجت رادەکێشێت ئەویش کۆبونەوەی سەدان نەخۆش لە روبەرێکی کەم لە شوێنێک کە هەواش بە ئاسانی ئاڵوگۆڕنابێت تێیدا، کەچی تەواوی نەخۆشەکانی گەرمیان لێرە وەستاون بەبێ شوێنی چاوەڕوانیەکی گونجاو، چونکە روبەرەکەی هێندە بچوکە ئەگەر کورسیش دابنرێرت ئیتر شوێنی نەخۆش نامێنێتەوە بۆ وەستانیش، بەشێوەیەک بەشی راوێژکارییەکەی ناتەندروستە هەندێک لە نەخۆشەکان لەبەر ئازار بێئاگان لەناو ئەو قەرەباڵخیەدان بەو هۆیەی ئازاری زۆر و تەمەن پەکی خستون.

محەمەد ئەحمەد، ٦٥ساڵ باس لەوەدەکات ئەوەی لەم نەخۆشخانەیە نەخۆش ئەیچێژێت لە هیچ شوێنێکی دونیا نیە: "لەبەر ئازاری ئەژنۆکانم نازانم لەسەر ئەو زەوییە چۆن دابنیشم، ئاخر تخوا لە کوێ هەبوە نەخۆش وەک عەسکەری بوەستێت لەسەر پێکانی یان لەسەر ئەو زەوییە دابنیشێت بەسەرمای زستان؟ ئەوەی لێرە نەخۆش ئەیچێژێت لە هیچ شوێنێکی دونیا بونی نیە"

نەبونی سیستەمێکی گونجاو بۆ چونە ژورەوەی نەخۆش و بینینان لە لایەن پزیشکەوە، یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە. هاوڵاتیانی قەزاکەش گلەیی لە نایەکسانی لە کردنەژورەوەیان دەکەن.

ئەفتاو سابر، خاتونێکە لە بەشی راوێژکاری بۆ بینی پزیشکی چاو وەستا بو. ئاماژەی بۆ ئەوەکرد هەفتەی پێشوتر لەبەر ئەوەی نەخۆشێکی زۆر وەستابون ئەم نەیتوانیوە پزیشکەکە ببینێت، باسی لەوەشکرد لە پێشچاوی ئەمان نەخۆش هەبوە کەسێکی لەم نەخۆشخانە کارمەندە راستەوخۆ کراوەتە ژورەوە "من دوەم جارەمە بێمەوە بۆ ئێرە بەهیوام ئەمرۆ سەرەم بێت ئەگەرچی نەخۆشێکی زۆری لێیە ئێرە، بەڵام ئەبینین هەندێک کەس بێ وەستان راستەوخۆ دێن و دەچنە ژورەوە، من خۆم یەکێکیانم دەناسی لەبەر ئەوەی کارمەندێکی ئێرە خزمیەتی ئەوی هێنا راستەخۆ رۆشتە ژورەوە".

بە پێچەوانەشەوە هەندێک لە هاوڵاتیان کێشەکە دەخەنە سەر نەخۆشەکان کە نایانەوێت لەسەرەی خۆیان بچنە ژورەوەو پشێوی دروست دەکەن. سومەیە ساڵح، تەمەن ٢١ ساڵ، دەڵێت: "کارمەندانی ریز باشن ئەوەی خراپە خەڵکەکەیە کە دایم پەلە دەکەن و ریزەکان تێکدەدەن".

زۆرینەی نەخۆشەکان بێزاری و چاوەڕوانی تاقەتی لێبڕیون. کاروان مەجید، باوکی مناڵێکی نەخۆشە ئەو باس لەوەدەکات زیاتر لە کاتژمێرێکە لەم شوێنە قەرەباڵەغ و هاوا پیسە وەستاوە خۆشی هەستدەکات نەخۆش کەوتوە: "من کە لەماڵەوە هاتم عەیبم نەبو، بەڵام ئێستا واهەستەکەم خۆشم نەخۆشکەوتوم تەواو هەست بە بێزاری ئەکەم، کورەکەم تەمەنی ١٤ ساڵە ئازاری گەدەی هەیە لەتاو بۆنی ناخۆشی ئێرە و پاڵپاڵێن لەم شوێنە بچوکە پێم دەڵێت باوکە با معیدەم ئازاری هەبێت بەس با بڕۆینەوە".

لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان بە پێی ئامارە نافەرمیەکان زیاتر لە نیوملیۆن کەسی تێپەراندوە، بەڵام نەخۆشخانەکەی بۆ قەزایەک گونجاوە کە دانیشتوانی (١٠٠) هەزار کەس تێپەرنەکات، هۆکاری ئەم پاڵەپەستۆیەش بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان دەگەرێتەوە ئەمە سەرەرای ئەوەی بە پێی لێدوانی بەشی ئیدارەی نەخۆشخانەکە ٢٥% ی نەخۆشەکانی ناوچە دابرێنراوەکانیش دێنە نەخۆشخانەکە و نزمی لایەنی ئابوری دانیشتوانی ناوچەکە هۆکارێکی دیکەی ئەم پاڵە پەستۆ زۆرەی نەخۆشخانەکەیە.




دیمەنیک لە بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلار

**ت. نەخۆشەکان چی دەڵێن لەباری هەڵسوکەوتی پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە**

بە گوێرەی لێداوانی نەخۆشانی نەخۆشخانەکە هەڵسوکەوتی پزیشکان لێرە جیاوازە، بەشێک لە پزیشکان حەقی تەواو دەدەن بە نەخۆشەکان و هەندێکی دیکەشیان بە وتەی نەخۆشەکان تەنانەت ئامادەنین گوێ لەنەخۆشەکەش بگرن بۆ رونکردنەوەکانی.

دیمەن ئیسماعیل، دەڵێت :"پزیشکی وا هەیە لەم نەخۆشخانەیە کە گوێت لێدەگرێت یان کە قسەت بۆ دەکات وەک ئەوە وایە خێرت پێبکات، نازانم گرنگی ئەوەچیە ئاوا سەیری نەخۆشەکانت بکەیت!".

بەهەمان شێوە سیروان نوری، باسلەوەدەکات بەشێکی پزیشکانی ئەم نەخۆشخانەیە وادەردەکەون بەزۆر هێنرابن پزیشکیان پێبکرێت هێندە ناخۆش هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ نەخۆشەکانیان: "سەردانی هەندێک لە پزیشکەکانم کردوە قسەو هەڵسوکەوتیان وای پیشان دەدا بەزۆر کرابن بە پزیشک لێرە ئەوەندە ناخۆش رەفتاریان دەکرد".

لەبەرامبەر ئەمەشدا بەشێکی پزیشکان حەقی تەواو دەدەن بە نەخۆشەکانیان. وەک گوڵاڵە عەبدوڵڵا باسی لێوەدەکات ئەو نەخۆشی گورچیلەی بوە کە سەردانی پزیشکی کردوە زۆر بەباشی هەڵسوکەوتی کردوە لەگەڵیدا.

ئاستی ناهۆشیاری هاوڵاتیانیش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی پزیشکان توشی بەرکەوتەی بیزاری ببنەوە لەگەڵیان بەشێوەیەکە کە نەخۆشەکان ئاستی پزیشکانی پسپۆڕ دوای ١٢ ساڵ خوێندن لە بەشی تایبەتی پزیشکی هاوتا دەکەن بە پەرستارێک یان دەرمانسازێک لەگەڵ یاریدەدەرێکی پزیشک کە تەنها دوساڵ خوێندویانە ئێستا بە نایاسایی وەک پزیشک لە نۆرینگەکانیان لە گەرمیان نەخۆش دەبینن.

وەک ئاریان ئەحمەد، نەخۆشێکی سەردانیکەری نەخۆشخانەکەیە باسلەوەدەکات: "من خۆم نەخۆش بوم کە چومە ژوری دکتۆرەکە ئەو نەخۆشانەم بینی تێگەشتم پزیشکان ناحەقیان نیە ئەگەر توڕەبن ئەگەر بێزاریان پێوە دیاربێت، ئاخر نەخۆش لێرە بە پزیشک ئەڵێت ئەمەم بۆ بنوسە یان دەڵێت دوکتۆر، فلان معاون توب وتی ئەوە نەخۆشیەتە ئێستا تۆ بۆ ئەڵێیت ئەوەت نیە! ئەفسانەی دکتۆر هۆرجۆنیش بێتە ئەم نەخۆشخانەیە تەحامولی ناکات".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "ئەم کێشەیەی لێرە هەیە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکە دواتر دانانی سیستەمێکی دامەزراو بۆ بینینی نەخۆش".

**پ. پزیشکان گلەیی خۆیان هەیە سەبارەت بەو نەخۆشانەی کە دێنە نەخۆشخانەکە**

پزیشکانیش گلەیی خۆیان هەیە لە هاوڵاتیان و باسلەوەدەکەن کە لەبەر کەمی ئاستی هۆشیاریان ئێمە باجەکەی دەدەین و رۆژانە روبەرویان دەبینیەوە ئەوان لە کاری ئێمە نازانن و خۆشیان بەراست دەزانن.

د.ریاز عەبدولجەبار، پزیشکی پسپۆڕی منالان، دەڵێت: "ئاستی هۆشیاری خەڵک زۆر نزمە ئەمەش وادەکات هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پزیشک ناتەندروست بێت، ئەوان بۆ زۆربەی شتەکان دەیکەن بەهەرا وا دەزانن ئێمە بە ئەنقەست وادەکەین لەکاتێکدا شتەکان لە دەسەڵاتی پزیشک نیە".

بەهەمان شێوە د.حسێن نوری، پسپۆڕی هەناوی لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، گلەیی زۆری هەیە لە هاوڵاتیان کە هێشتا ئاستی تەندروستیان هێندە نزمە بۆ نەخۆشیەکانیان دەچنە سەردانی پزیشکی یاریدەدەری تورینگەی لاکۆڵان دوای ئەوەی چارەسەریان قورس بو دێنە نەخۆشخانە و لای پزیشکی پسپۆڕ "کێشە تەنها خەڵکە نەخوێندەوارەکە نیە، لێرە ئەوانەشی شەهادەی باڵاشیان هەیە هۆشیاری تەندروستیان نیە، کە دێنە نەخۆشخانە باری تەندروستیان زۆر خراپە کە دەپرسم چیت بەکارهێناوە دەڵێت عیلاجی فلان دکتۆر کاتێک سەیر دەکەم ئەم فلان دکتۆرە یاریدەدەرێکی پزیشکە یان پەرستارێکە کە هیچ شتێک لە کاری پزیشکی نازانێت بەدەر لە شتێکی سەرەتایی، ئەمە پێی دەڵێن کارەساتی تەندروستی".

باسلەوەشدەکات: "نەخۆشەکانمان زۆریان دەیانەوێت بە پێی داواکاری ئەوان فەحس و چارەسەریان بۆ بنوسین، لەم نێوەندە ئەبێت ئێمە دەوری تەنها نوسینی ناوی فەحس و دەرمان ببین و ئیمزای بکەین، پانزە ساڵە لەم نەخۆشخانەیە دەمەوێت ئەوە بە خەڵک تەرک بکەم، بەڵام ئێستا من بوم بە خراپترین دکتۆر لای ئەوان، چونکە من بەدڵی ئەوان ناکەم ئەو دکتۆرانەی بەڵی ئەوان ئەکەن بون بە باشترین دکتۆر!".

## ح. گرنگیدان بە لایەنی دەرونی هاوڵاتیان

بەهەند وەرگرتنی لایەنی دەرونی نەخۆش یەکێکە لە بنەماکانی ڕەوشتی پزیشکی سەرکەوتو، لەم بەشەی ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک لێداوانی ئەو هاوڵاتیانە دەخەینە رو کە سەردانی پزیشکەکانی ئەم نەخۆشخانەیان کردوە دەربارەی ئەوەی تاوەکو چەند لایەنی دەرونیان بەهەند وەرگیراوە لە لایەن پزیشکانەوە.

"بۆمن مایی سەرسوڕمانە پێم دەڵێیت پزیشکەکانی ئێرە گرنگی بە لایەنی دەرونیتان دەدەن! ئاخر ئەو دەستەواژەیە بۆ من غەریبە" (پەریا مەحمود) وادەڵێت، هۆکاری ئەم قسەشی وابەستەدەکات بەم روداوەوە "دەرون شتێک نیە لێرە حسابی بۆ بکرێت، پزیشک هەبوە لێرە بەشێوەیەک لە دایکم تورە بوە تا چەند رۆژ خەفەتی لێخواردوە، خۆم نەخۆش بوم هاتمە ئێرە لە یەکێک لەم بەشانە پزیشکەکە هەر لەخۆیەوە چارەی دابو بەیەکا، ئیتر لایەنی دەرونی چی چارەسەری چی، ئێستاش لەگەڵ نەنکم هاتوم بۆ ئێرە ئەگینا ئێرە بۆ سوکایەتی بەنەخۆش نەبێت هیچیتر نیە".

هەندێک لە نەخۆشەکانی ئێرە کێشەکە لە پزیشک کۆناکەنەوە بەتەنها، بەڵکو زۆری نەخۆشیش بە هۆکارێک دادەنێن بۆ ئەوەی پزیشک نەتوانێت گرنگی بەلایەنی دەرونی بدات.

وەک (سومەیە سالّح) دەڵێت: "شێوازی بینینی نەخۆش زۆر نەشیاوە، من چەندجار رۆشتومەتە لای دکتۆر سێ کەس چوار کەس پێکەوە لە ژورەوە بوینە، بۆیە زۆرکات بەهۆی قەرەباڵەغی ژورەکە تەنانەت بیرمچوە باسی هەندێک لە کێشەکانی نەخۆشیەکەم بکەم".

هەبونی زیاتر لە نەخۆشێک لە ژوری پزیشک وادەکات زۆرجار نەخۆش شەرمبکات لەوتنی تەواوی کێشەکەی لای پزیشک، چونکە پزیشک کێشە و گرفتەکانی نەخۆش لای ئەمانەتە، بەڵام ئەوکەسانەی کە لە ژورەکەدان هیچ شتێک بۆ ئەوان ئەمانەت نیە، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی دیکەی نەخۆش لەم نەخۆشخانەیە. ئەمە بەدەر لەوەی فەوزا دروست دەبێت لە ژوری پزیشک و وادەکات پزیشکەکە هەست بە بێزاری بکات و زۆرجاری بە دەرونێکی جێگرەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆشەکانی نەکات.

**ج. پزیشکانی بەشی راوێژکاری: ئێمە نەخۆش بەڕێدەکەین نەک چارەسەر!**

"ئێمە وەک پزیشک لەم نەخۆشخانەیە هەر حەق بە نەخۆش نادەین تاوەکو بڵێین حەقی تەواو نادەین یان شتێک لەو بابەتە". د. حسێن نوری، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی هەناوی وا دەڵێت.

پزیشکانی دیکەش بۆ ئەمە دەڵێن جاری واهەیە نازانین نەخۆشەکە ژنە یان پیاو ئەوەندە ژمارەیان زۆرە و ناچارین بەس گوێبگرین و بنوسین.

د.عەدنان تۆفیق، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ لە نەخۆشخانەکە دەڵێت: "لەبەر زۆری ژمارەی نەخۆش فریاناکەوین تەنانەت سەیری نەخۆشەکەش بکەین نازانین نەخۆشەکە ژنە یان پیاو".

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی هەیکەلێکی رێکخستن بۆ بینینی نەخۆش لە گەرمیان و چالاکنەبونی مەڵبەندە تەندروستیەکان و نەکردنیان بە سەرچاوەی ناردنی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستە بچنە بەشی راوێژکاری.

سەبارەت بەمەش، د.حسێن نوری، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی، دەڵێت: "چونکە سیستەمێک نیە کە تەنها ئەو نەخۆشانە بنێردرێنە بەشی راوێژکاری کە پێویستیان بە پزیشکی پسپۆڕە، یاخود رێژەیەک دانەنراوە کە تەنها ژمارەیەکی دیاری کراو نەخۆش ببینرێت لە رۆژێکدا".

**خ. پزیشکانی نەخۆشخانەکە تا کوێ لە گەڵ نەخۆشەکان دەمێننەوە؟**

نەبونی سیستەمێکی گونجاو لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار وایکردوە ئەنجامی چارەسەر لێرە بە لێڵی بمێنێتەوە نەخۆش بەتەنها لەگەڵ دەرمانەکانی جێبهێڵدرێت، بە پێی بەدوداچونەکان وادەردەکەێت لێرە ئەوەندەی گرنگی بەوە دەدرێت نەخۆش بەڕێبکرێت، هێندە گرنگی بە ئەنجامی چارەسەرەکان نادرێت.

"پێموانیە گرنگ بێت بەلای کەسەوە کە دوای وەرگرتنی چارەسەرەکان نەخۆشەکە چی لێدێت، چونکە پزیشکەکە بەمنی وت دەرمانەکان بەکاربهێنە و ئینشەڵڵا باش دەبیت". (سومەیە ساڵح) ئەمەی وت وەک نەخۆشێکی سەردانیکەری نەخۆشخانەکە.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، د. عەدنان تۆفیق، هۆکاری ئەمە دەبەستێتەوە بۆ نەبونی سیستەمێکی گونجاو بۆ بینینی نەخۆش و بەهۆی زۆری کەموکورتیەکان لە نەخۆشخانەکە: "پزیشکان ناتوانن بە نەخۆش بڵێن وەرەوە، چونکە ئەوکات ئیتر توانای بینینی نەخۆشی تازەیان نامێنیت لەبەر زۆری نەخۆش، چونکە ئێرە هیچ نیزامێکی گونجاوی تێدا نیە، لە ڕاستیدا خۆی دەبێت پزیشک کات بۆ نەخۆشەکانی دابنێت ئەگەر پێویستی بە بینینیەوە کرد".

**ر. ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەوە بۆ نۆرینگەکان**

دەنگۆی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەی گشتیەوە بۆ نۆرینگە ناحکومیەکان قسەیەکی باوی ناو هاوڵاتیانە، یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لەمەڕ ئەم دەنگۆیانە بەدواداچونی کرد ئەنجامەکەشی لێرەدا دەخەینەرو.

د.ڕمزی عەبدولجەبار، پزیشکی پسپۆڕی پێست لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، باس لەوەدەکات: "زۆرینەی نەخۆشیەکان چارەسەری نیە لەم نەخۆشخانەیە، بۆیە ئاساییە کە نەخۆش بنێردرێتە نۆرینگەکان ئەگەر پێویست بکات".

د. عەدنان تۆفیق، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ، هەمان تێروانینی هەیە کە پێیوایە ئەگەر پزیشکێک ئەمە بکات لەبەر نەخۆشەکەیەتی بۆ زیاتر کاتدان بەنەخۆشەکەو زانینی هۆکاری نەخۆشیەکەی بەدواداچون بۆی، چونکە لەم نەخۆشخانەیە دکتۆرەکان ناتوانن کاتی تەواو بدەن بە نەخۆشەکانیان لەبەر زۆری نەخۆشەکانیان. باسلەوەشدەکات: "ئاگادارنین لە کاتێکدا پێویست نەبێ نەخۆش نێردرابێتە نۆرینگەکان".

د. ڕیاز عەبدولجەبار، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی مناڵان، هۆکاری ئەوەی نەخۆش ناتوانرێت لەم نەخۆشخانەیە چارەسەری تەواوی بۆ بکرێت دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبونی ئامێری پزیشکی بۆ پشکنینی نەخۆشەکانیان "زۆرجار نەخۆش دەنێرینە نەخۆشخانەکانی سلێمانی لەبری نۆرینگە ناحکومیەکان".

دەشڵێت: "لەبەر ئەم هۆکارەش هاوڵاتیانی ئێرە وا تێدەگەن کە ئەو پزیشکانەی لە گەرمیانن ئاستی زانستیان نزمە، بێئاگا لەوەی لێرە نە شوێن گونجاوە نە ئامێر هەیە نە کات بۆ نەخۆشەکان".

**٢. بەشی دەرمانخانە**

**ا. "ئەو دەرمانانەی کە نرخیان هەرزانە لە نەخۆشخانە پێم دەدەن ئەوەی گرانە دەبێت خۆم بیانکڕم"**

داوابەدوای دیاری کردنی نەخۆشی لە لایەن پزیشکەوە راستەوخۆ دەرمان دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی چارەسەری نەخۆشیەکە، بەڵام لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار بەشێکی زۆری دەرمانەکان کە پزیشک بۆ نەخۆشەکانی دەنوسێت بەردەست نیە، بەمەش نەخۆش لەدەرەوە بە نرخێکی گران دەیانکرێت بەم هۆیەش سەرەرای زۆری تێبینیەکان لەسەر بەشی راوێژکاری بەشی دەرمانخانەش وەک کێشەیەکی دیکەی نەخۆشخانەکە دەبینرێت.

مەریەم سەباح، نەخۆشێکە بۆ چارەسەری پێست روی لە نەخۆشخانەکە کردبو، ئەو باسی لەوەکرد ئەمە یەکەم جاریەتی سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە بکات. وتی: پێشم وایە دواین جارم بێت، چونکە هیچ یەکێک لەدەرمانەکان کە دکتۆر بۆی نوسیم لە دەرمانخانەکەی نەخۆشخانەکە نەبون، بۆیە ئەگەر بۆ نەخۆشەکانی دیکەش وابێت پێم وایە ئێرە بەس بەناو کراوە بە نەخۆشخانە.

چەندین نەخۆشی دیکەش هەمان رایان هەبو. سومەیە ساڵح، وتی: "ئەو دەرمانانەی کە نرخیان هەرزانە لە نەخۆشخانە پێم دەدەن، ئەوەی گرانە دەبێت خۆم بیانکڕم".

بەلای هاوڵاتیانەوە کەمی دەرمان و نەبونی دەرمانی پێویست هێندەی تر نائومێدیکردون لە نەخۆشخانەکە "زۆربەی ئەو دەرمانانەی دکتۆر بۆی نوسیوم لێرە نیە منیش ئەگەر پارەم هەبێت خۆ نایەم بۆ ئێرە، کەچی هیچ گرنگ نیە لای بەرپرسەکانی تەندروستی کە ئێمەی هەژار چۆن دەژین". ئەفتاو سابیر، تەمەن ٥٠ ساڵ ئەمەی وت.

**ب. پزیشکان گلەیی لە نەبونی دەرمانە پێویستەکان دەکەن**

پزیشکانی نەخۆشخانەکەش هاوشێوەی هاوڵاتیان ناڕازین لە کەمی دەرمان و نەبونی دەرمانی کوالێتی باش لە نەخۆشخانەکە.

د.ریاز عەبدولجەبار، پزیشکی پسپۆڕی مناڵان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، باس لەوەدەکات دەرمانەکانی نەخۆشخانەکە بۆ نەخۆشەکانی ئەو چارەسەر نین "ئەو دەرمانانەی کە هەن لە نەخۆشخانەکە چارەسەری نەخۆشەکانی ئێمە نین، بەڵام ئەگەر ئەو دەرمانانەش بێنن بەهۆی گرانی نرخیەوە برێکی کەم دێنن، ئەوکاتیش هەر بەشی ئەم هەمو نەخۆشەی ئێمە ناکات".

د.حسێن نوری، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی لە نەخۆشخانەکە ئاماژە بەوە دەکات ئەو دەرمانانەی لەم نەخۆشخانەیە هەیە بوە بە هۆکاری ئەوەی زۆربەی نەخۆشەکان بێ وەرگرتنی دەرمان بگەڕێنەوە، چونکە دەرمانەکان بۆ نەخۆشی ئاسایین نەک نەخۆشیە قورسەکان.

**٣. بەشی نەشتەرگەری و داخلکردنی نەخۆش:**

**أ. ئاماری بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە**

لەم چارتەدا تەواوی ئاماری نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکە بۆ نۆ مانگی ئەمساڵ دەخەینە رو.




کۆی ژمارەی نەشتەرگەریەکان لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە تەنها لە نۆ مانگدا (٣٠٧٣) سێ هەزارو حەفتا و سێ کەس نەشتەرگەری بۆ کراوە.

کەمترین نەشتەرگەری لە مانگی نیساندایە کە (٢٠٤) دوسەد و چوار نەشتەرگەری کراوە، زۆرترین نەشتەرگەری لە مانگی ئەیلول دایە کە (٤٧٤) چوارسەد و حەفتا وچوار نەشتەرگەری تێداکراوە.

بەم پێیەش ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانەی لە نەخۆشخانەکە دەکریت خۆی دەبینێتەوە لە نێوان (٣٠٠ – ٤٠٠) نەشتەرگەری بە تەنها لە مانگێکدا.

**ب. ئەوانەی نەشتەرگەریانکردوە لە نەخۆشخانەی گشتی چی دەڵێن؟**

لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە رۆژانە چەندین نەشتەرگەری تێدا دەکرێت، هاوڵاتیانیش وەک بەشێکی سەرکەوتو لە نەخۆشخانەکە دەیناسێن.

بەختیار ئەحمەد، یەکێکە لەو هاوڵاتیانەی کە چەند نەشتەرگەریەکی بەسەرکەوتوی لە نەخۆشخانەکە بۆ ئەنجامدراوە، دەڵێت: "ئەو نەشتەرگەریانەی کە لێرە بۆمکراوە زۆر سەرکەوتوبوە".

باسلەوەشدەکات: پزیشکەکانی لەکاتی خۆیدا هاتونەتەوە سەردانی پاش مانەوەی لە نەخۆشخانە.

بەشێک لە هاوڵاتیانیش گلەیی ئەوەدەکەن کە تەنها نەشتەرگەرییە سوکەکان لێرە دەکرێت هەرکاتێک نەشتەرگەریەکی قورسیان هەبێت دەنێردرێنە نەخۆشخانەکانی سلێمانی یان کەرتی تایبەت.

هێشو کاروان، باسلەوەدەکات ئەوان لەبەر هەژارییان دێنە ئێرە، کەچی لێرەش ئەو نەشتەرگەریانەی پارەی زۆری دەوێت بۆیان ناکەن.

ئەفتاو سابر، هەمان رای هەیە ئەو دەڵێت: "من پێویستم بە نەشتەرگەرییە، بەڵام لێرە بۆم ناکەن دەبێت بچمە ئێران لەبەر ئەوەی ئەویش تێچوی زۆرە بۆیە تا ئێستا نەچوم، چاوەڕێم دکتۆرێک دڵم خۆشبکات و بڵێت من ئەتوانم لێرە ئەو نەشتەرگەریەت بۆ بکەم".

**ت. پزیشکانی نەخۆشخانەکە: ئامادەنین ژیانی نەخۆشەکانمان لە بەشی داخلکردنی نەخۆشخانەکە بخەینە مەترسیەوە**

"دایک و باوکی مناڵەکان پێم دەڵێن گرنتی ژیانی نەخۆشەکەمان دەکەیت تەبعەن ئەم قسەیە بەس لێرە هەیە هۆکاریش ناهۆشیاری خەڵکە لە بواری تەندروستی، بۆیە هەر کەس ئەو قسەیە بکات راستەوخۆ دەینێرین بۆ سلێمانی، چونکە لێرە هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرین و خولاومان نیە کە بەبەردەوامی چاودێری نەخۆشی داخلکراو بکات، ئەوەی هەیە کارمەندی تەندروستیە ئەویش شارەزای نیە لە بواری پزیشکی". (د. ریاز) وا دەڵێت.

باس لەوەشدەکات: لەم نەخۆشخانەیە چەندین ئامێری پزیشکیان پێویستە لەگەڵ بەشی خودەج بۆ داخلکردنی مناڵ، هەروەها پزیشکی نیشتەجێی خولاو نیشتەجێی دێرین.

پسپۆڕی هەناوی د.حسێن نوری، باس لەوەدەکات ئامادەنیە نەخۆشەکانی لەم نەخۆشخانەیە ژیانیان بکەوێتە مەترسیەوە بەهۆی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین: "لێرە هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرین و خولاومان نیە بۆ چاودێری نەخۆشەکانمان، بۆیە ئامادەنیم نەخۆشەکانم لەم بەشە داخلبکەم کە پەرستارەکانی لە ژورەکانی خۆیان خەوتون".

پزیشکانی نەخۆشخانەکە کێشەی نەبونی پزیشکی نیشتەجێیان کردوە بە هۆکار بۆ داخلنەکردنی نەخۆش و بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ئەوان نزیکەی دومانگە پزیشکی نیشتەجێیان بۆ

بەشی داخلکردنی نەخۆش داناوە: "نزیکی دومانگ دەبێت کە پزیشکی نیشتەجێی ٢٤ کاتژمێریمان بۆ بەشی داخلکردنی نەخۆش داناوە، رەنگە ئەو پزیشکانە ئاگەدار نەبن کە دەڵێن بەو هۆیە نەخۆش داخل ناکەین، لەمەو بەدوا ئەگەر نەخۆش داخل نەکرێت ئێمە گلەیی لە پزیشکان دەکەین لەبری ئەو گلەییەی ئەوان کە دەڵێن پزیشکی نیشتەجێ نیە بۆیە نەخۆش داخل ناکەین".

**پ. ئەو کەسانەی کە داخلکراون لە نەخۆشخانەکە چی دەڵێن دەربارەی بەشەکە؟**

بەشێکی هاوڵاتیان لە خزمەتگوزاریەکانی بەشی داخلکردنی نەخۆشخانەکە رەزامەندن و بەشێکی دیکەشیان گلەیی لە کارمەندانی تەندروستی چاودێر دەکەن.

ئەفتاو سابر، دەڵیت: "ئەوکاتەی نەشتەرگەریم کرد لێرە داخلکرام زۆر باشبون دکتۆر و کارمەندەکان"

لە بەرامبەریشدا (سیروان نوری) دەڵێت: "کارمەندەکانی تەندروستی خۆمان دەچوینە شوێنیان لەبری ئەوەی خۆیان زو زو بێن و نەخۆشەکانیان ببینن".

**٤. بەشی تاقیگە و تیشک :**

**ا. چاوەڕوانیکردن نەخۆشەکانی وەڕس کردوە**

قەرەباڵەغی نەخۆشخانەکە و زۆری سەردانیکەر وایکردوە کە سەرجەم بەشەکانی نەخۆشخانەکە پێویستی بە وەستان و چاوەڕوانیکردن بێت، یەکێک لە گرفتەکانی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریش نەبونی جێگەی باش و گونجاوە بۆ ئەو چاوەڕوانییە.

نەسرین عەلی، یەکێک لەو نەخۆشخانەی کە چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ئەنجامی شیکاریەکەی بو لە حەوشەی نەخۆشخانەی کەلار، دەڵێت" نەخۆش واتە ئیتر ئەم کەسە پێویستی بە ژینگەیەکی تایبەتە، من وا دوسەعاتە لەسەرەی بینینی دکتۆر و وەرگرتنەوەی فەحسم، یەک کەس لەوانەی بەرپرسن وەک من ئازاریان بوایە و لەم حەوشیە بوەستایەن هەر سبەی یەک نەخۆشخانەی دیکەیان دروست ئەکرد".

هۆکاری ئەمەش بچوکی بینای نەخۆشخانەکەیە کە توانای پێشوازیکردنی ئەو رێژە زۆرەی نەخۆشی نیە، چونکە بیناکە کاتێک دروستکراوە بۆ ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان بوە، نەک ئێستا.

**ب. ناتەندروستی شوێنی وەرگرتنی نمونە (سامپڵ) بۆ شیکار لە نەخۆشەکان**

لە راپۆرتی شەشەمی یەکەی چاودێری کە تایبەت بو بە گرفتی بینا تەندروستیەکانی گەرمیان، بە وردی باس لە ناتەندروستی بەشی وەرگرتنی سامپڵ لەم نەخۆشخانەیە کراوە، کە نەخۆش بۆ وەرگرتنی نمونە دەچنە ناو

لابەکان (ژورەکان)ی تاقیگەکە کە ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆش دروست دەکات بە گواستنەوەی ڤایرۆس میکرۆبی نەخۆشێکی دیکە، لە نمونەی وەرگرتنی ئەو سامپڵانەی کە نەخۆش پێویستی بە بەکارهێنانی سەرئاوە (WC)، بە وتەی هاوڵاتیان ئەم بەشە هێندە پیسە نەخۆشەکان وەک عەزاب وەسفی دەکەن کە دەچنە سەرئاوەکان.

سومەیە سالَح، کە نەخۆشی گورچیلەی بو، بەم شێوەیە باسی لە سەرئاوەکانی ئەم بەشەکرد: "تەوالێتەکانی زۆر پیسن ئەوجا شوێنی دەست شۆرینەی هەر لەناو تەوالێتەکەدایە زۆر پیسە کاتێک بۆ سامپڵ دەچینە ئەوێ دور نیە بەهۆی پیسی ئەو شوێنەوە توشی نەخۆشی تریش ببین".

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە د. عەدنان تۆفیق، باسلەوەدەکات کە ئەم شوێنە ئەگەر تەنها لەماوەی ئەو چەندسەعاتەی دەوامدا چەندینجار پاکبکرێتەوە هەر بە هەمان شێوە پیسە و ناتەندروستە: "لەبەر ئەوەی لۆدێکی زۆری لەسەرە و لە تاقیگەوە بەبەردەوامی نەخۆش ئەو سەرئاوانە بەکاردەهێنێت، لە رۆژێکدا حەوت جار پاکبکرێتەوە هەر پیس و ناتەندروستە، چونکە کۆنە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش بەکەڵک نایەت".

## ٥. بەشی بەڕێوبردن و کارگێڕی نەخۆشخانەکە:

### ١. جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە:"کەسێک ساغیشبێت بیهێنە بەشی راوێژکاری نەخۆش دەکەوێت"

ئەو گرفتانەی لە بەشی زۆری نەخۆشخانەکە باسدەکرێن بەرپرسان و بەرێوبەرانی ئەویش هەمان رەخنە دوبارە دەکەنەوە بە جۆرێک ئەوانیش هاوشێوەی هاوڵاتیان نارازین و گلەییان هەیە.

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وریا محەمەد، باس لە کێشەی سەرەکی نەخۆشخانەکە دەکات ئەویش بچوکی و ناتەندروستی بەشی راوێژکاریەکەیەتی و دەڵێت: "لە کۆی وەستانی (١٠٠م) سەد مەتر روبەردا ئەگەر رۆژانە کەمترین رێژەی سەردانیکەرانیش وەربگرین کە (٦٠٠) شەشسەت نەخۆشبێت، ئەوا ئەبێت ٦٠٠ شەشسەت کەس بە پێوە بوەستن لە راوێژکاریی بەیانیاندا، واتا لە یەک مەتر ئەبێت شەش کەس بوەستن ئەبێت چ پاڵپاڵانێک بێت!".

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، ئاماژەبەوەدەکات کە نەخۆش دێتە نەخۆشخانەکەمان بە نەخۆشیەکی دیکەوە دەڕواتەوە، چونکە بینای نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی نەخۆشخانەکە ناتەندروستە: "ناکرێت کەسێک بۆ چارەسەر دێتە ئێرە ئێمە بە نەخۆشیەکی دیکەوە بینێرینەوە".

دەشڵێت: "یەکێک لە بنەماکانی شوێنی چارەسەری نەخۆش ئەوەیە کە ژینگەیەکی تەندروست بێت، ئەگەر نەخۆشیەکی گوازراوە هەبێت ئەگەری هەیە کەسەکانی دیکەی چواردەوریشی توش ببن، ئەمانەشمان بە هەمو ئەوانە وتوە کە بەرپرسن، بەڵام وەک ئەیبینین تا ئێستا هەر بەم شێوەیە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش وتی: "هەنگاوی خێرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دروستکردنی بینایەکە بۆ بەشی راوێژکاری".

**ب. بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەکە: کەلار بەهەمو شێوەیەک پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی دیکە هەیە**

بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەسەر تێکرای کێشەکانی نەخۆشخانەکە رای وایە تاکە چارەسەر تەنها دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرنە، چونکە ئەم نەخۆشخانەیە دەمێکە توانای پێشوازی ئەم ژمارە زۆرەی نەخۆشی نەماوە، کۆنی بینا و نەگونجانی لەگەڵ بینای نەخۆشخانە وایکردوە رێگەی چارەسەری بۆ نەهێشتونەتەوە ئەرکان محەمەد، باس لەوە دەکات: "سەرەڕای ئەوەی کە چەندین سەنتەری تەندروستی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە نەخۆشخانەوە نیە لەناو نەخۆشخانە بینایان بۆ دروستکراوە، بەهۆی نەبونی ئیدارەیەکی بەهێز لە ماوەی رابردو بۆ ئەوەی بە پێی یاسا رێگریان بکردایە لە دروستکردنی ئەم سەنتەرانە لە بری ئەوە بەشێکی راوێژکاری تایبەت دروست بکرایە".

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی: "هەر کەس هاتۆتە ئەم نەخۆشخانەیە بۆ ناو چەند شتێکی تێدا کردوەتەوە بەبێ بیرکردنەوەی ئەوەی کە دواتر ئەوانە دەبنە کێشە بۆ نەخۆشخانەکە".

**ت. بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە: "ئەوەی لە بەشی راوێژکاری ئەم نەخۆشخانەیە دەکرێت هیچ رەبتێکی بە راوێژکاریەوە نیە!"**

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەش هاوشێوەی هاوڵاتیان ناڕازییە لە نەخۆشخانەکە، چونکە بەهۆی کەموکورتیەکانەوە ناتوانن ئەوەی پێویستە بۆ هاوڵاتیانی ئەنجامی بدەن.

د. عەدنان تۆفیق، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "بەمشێوەیەی ئێستا نابێت تەندروستی گەرمیان بەردەوام بێت، دەبێت مەڵبەندە تەندروستیەکان چالاکبکرێن لەوێوە دوای پۆلێنکردن نەخۆش بنێردرێنە نەخۆشخانەکان ئەگەر پێویستیان بە هەر پزیشکێکی پسپۆڕ بو راستەوخۆ بنێردرێنە ئەو بەشە، ئەوکات هەنگاوێکی باش لە کەرتی تەندروستی دەچینە پێشەوە و سودمەندی یەکەمیش نەخۆش و هاوڵاتیانن، بەڕێوبەری تەندروستی دەسەڵاتی هەیە بڕیارێکی بەم شێوەیە دەربکات تەنانەت ئەو چوار مەڵبەندەی ناو کەلار چالاک بن ئەوکات ئەنجامەکەی دەبینین".

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە باس لەوەشدەکات: بەهۆی نەبونی سیستەمێکی گونجاو رۆژانە پزیشکەکان ژمارەیەکی ئێجگار زۆر نەخۆش دەبینن لەو نێوەندەدا ئەگەر نەخۆشێک زۆر پێویستیشبێت دکتۆر کاتی بداتێ و چارەسەری بکات لەنێوان ئەو هەمو نەخۆشە حەقی ئەویش دەفەوتێت و کاتی پێنادرێت، چونکە کە نەخۆشێک کاتی زۆرت پێدا

ئەوانەی دیکە لە دەرەوە بەهۆی ژمارەی زۆریانەوە دەیکەن بە هەرا و ئاژاوە دروست دەکەن. نەخۆشەکەش دواتر دەڵێت دکتۆرەکە باش نەبو هیچی بۆ نەکردم بێئاگا کە دکتۆرەکە هەر ئەوەندە کاتی هەیە، ناشتوانین ژمارەیەکی دیاریکراو نەخۆش ببینین، چونکە ئەوکات توشی کێشەو فەوزای زیاتر دەبینەوە.

دەشڵێت: "ئەوەی ئێستا لە بەشی راوێژکاری ئەم نەخۆشخانە دەکرێت هیچ رەبتێکی بە راوێژکارییەوە نیە کارەکانی وەک کاری مەڵبەندێکی تەندروستیە".

## پ. "سیستەمی تەندروستی لە گەرمیان لاوازە"

لە ئێستادا بەشی داخلکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکە تێبینیەکی زۆری لەسەرە چ لەلایەن پزیشکانی نەخۆشخانەوەکەوە یاخود لەلایەن هاوڵاتیانەوە. بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەش هۆکارەکە وابەستەدەکات بە لاوازی سیستەمی تەندروستی لە گەرمیان.

د.عەدنان تۆفیق، دەڵێت: "لە نەخۆشخانە پێویستە ئەمانە هەبن: (پزیشکی نیشتەجێی خولاوە، نیشتەجێی دێرین دواتر پزیشکی پسپۆڕ)، بەڵام لە گەرمیان ئەمەمان نیە، لەم نەخۆشخانەیە هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرین و خولاومان نیە".

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە باس لەوەدەکات لەم نەخۆشخانە راستەوخۆ دەبێت پزیشکی پسپۆڕ چاودێری نەخۆشەکە بکات: "لێرە راستەوخۆ پزیشکی پسپۆڕ خۆی دەبێت چاودێری نەخۆشەکە بکات، بۆیە ناکرێت پزیشکێکی پسپۆڕ بە تەنها بۆ نەخۆشێک بمێنێتەوە ئەی ئەگەر نەخۆشێکی دیکەشی هەبو ئەوکات چیبکات؟ بۆیە ئەمە ناکرێت ئەمەش وادەکات ئەو خزمەتگوزارییەی لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و سلێمانی پێشکەشدەکرێت ئێمە لێرە پێمان نەکرێت، لەوێ نەخۆشخانەی واهەیە بەتەنها ٢٠٠ دوسەد موقیمی هەیە ئێمەش هیچ موقیمێکمان نیە".

هەر بۆیەش لە نەخۆشخانەکە کارمەندی تەندروستی بوە بە جێگرەوەی پزیشکی نیشتەجێی دێرین و نیشتەجێی خولاو لە کاتێکیشدا نەخۆش ژیانی بکەوێتە مەترسیەوە پزیشکی پسپۆڕ ئاگەدار دەکەنەوە.

د.عەدنان ئاماژە بەوەشدەکات "تەنانەت شوێنی داخلکردنەکەش گونجاو نیە لە روی شوێن و قەرەوێڵەوە، خزمەتگوزاریەکان و بەشی داخلکردنەکەمان باش نیە".

## ٣. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان

دەربارەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و کەموکورتیەکانی نەخۆشخانەکە و پێویستی ئەم قەزایە بۆ نەخۆشخانەیەکی نوێ، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بەم شێوەیە رونکردنەوە دەدات.

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، باس لەوەدەکات ئەم نەخۆشخانەیە کاتێک دروستکراوە کە قەزای کەلار ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی لە چەند هەزار کەسێک تێپەڕی نەکردوە، بەڵام لە ئێستادا زیاد لە دوسەد و پەنجا هەزار کەس دەبێت، بۆیە ئەم نەخۆشخانەیە ئێستا زۆر بچوک و نەگونجاوە بۆ ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان، ئەمە لە کاتێکدایە نەخۆشەکانی دەرەوەی ئەم سنورەش دێنە ئێرە.

وتیشی: بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە زۆر زۆر بچوکە شوێنی ئەو هەمو پزیشکە نابێتەوە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێمە نیە ئەگینا بەڵێ هاوڵاتیان حەقی خۆیانە گلەیی بکەن و تا ئەم کاتە هیچ شتێک نیە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی دیکە یاخود راوێژکاریەکی دیکە".

د. سیروان محەمەد، دەشڵێت: "ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان لەگەڵ زۆری رێژەی سەردانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەریدەخات کە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی گشتی ٣٠٠ سێسەد قەرەوێڵەییە، بەڵام تا ئێستا وەزارەت هیچ بڕیارێکی نەداوە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە بەهۆی قەیرانی داراییەوە".

## "کەم بونی دەرمان هۆکاری راگرتنی کڕینی دەرمان بوە لە لایەن وەزارەتەوە"

لەبارەی کەمبونەوەی ژمارەی دەرمان لە نەخۆشخانەکە، د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "ماوەی سێ بۆ چوار مانگ وەزارەت کڕینی دەرمانی راگرتبو، بەڵام لە مانگی پێشوەوە لیژنەکانمان راسپاردوە دەست بکەنەوە بە کڕینی دەرمان، هۆکاری کەمبونەوەی دەرمان تەنها ئەو بڕیارەی وەزارەت بو کە کڕینی دەرمانی راگرتبو".

بۆ ئەوەشی کە ئەو دەرمانانەی نرخیان بەرزە هاوڵاتیان گلەیی دەکەن کە لە نەخۆشخانە نیە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وابەستەی دەکات بەوەی کە نەخۆشخانەکان ناتوانن هەمو دەرمانێک بکڕن: "ناتوانین هەمو دەرمانێک بۆ نەخۆشخانەکان بکڕین، کۆمەڵێک دەرمان هەیە لە لیستی پێویستی نەخۆشخانەکان تەنها ئەوانە دەکڕین، کۆمەڵێک دەرمان هەیە هەر رێنمایەکان رێگەمان پێنادەن بیانکڕین، بەدەر لەمەش پزیشکان سەرپشککراون کە دەرمانە پێویستەکان بکەن بە لیست و بیدەن بە لیژنەکانی دەرمانخانەکان تاوەکو بۆیان بکڕن".

## هۆکاری وەستانی کارکردن لە نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی

لە ماوەکانی پێشودا دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی سەد قەرەوێڵەیی لەکەلار ئومێدێک بو بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشە و گرفتەکانی کەرتی تەندروستی لە گەرمیان، بەڵام هەر زو بەکاریگەری قەیرانی دارایی ئەو پرۆژەیە کارەکانی وەستا و بە ئێستاشەوە تەواو نەبوە.

د. سیروان محەمەد، لەسەر ئەمە دەڵێت: "لە ئێستادا نەخۆشخانەی ١٠٠ سەد قەرەوێڵەیی تەنها ٨ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجکراوە و پێویستی بە ١٧ حەڤدە ملیۆن دۆلارە بۆ تەواو بونی، بەڵام کارەکانی راگیراوە بەهۆکاری نەبونی بوجە بۆ پرۆژەکە".

سەبارەت بە هەوڵەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان وەک هەنگاوی خێرا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی راوێژکاری و تاقیگە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، د. سیروان محەمەد، وتی: "ئێمە ویستمان لە رێگەی شارەوانیەوە لەگەڵ دەزگای وەبەرهێنان بەشی راوێژکاری و بەشی تاقیگەکان نۆژەن بکەینەوە، بەڵام کەس نەهاتە پێشەوە بۆیە سەرکەوتو نەبوین لەوەدا، ئەگەر ئەمە سەرکەوتو بوایە بەشێک لە کیشەکانی چارەسەر دەکرد لەم قەیرانە".

وتیشی: کەلار پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی مۆدێرنە ژمارەی پزیشکەکانیش بەشی نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتو دەکات، دانیشتوانی کەلار و دەوروبەریشی چاویان لەسەر ئەم نەخۆشخانەیەیە و ناکرێت بەمشێوە کۆنە خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بکەین، چونکە ئێمەش دەزانین هاوڵاتیان ناڕەزاییەکی زۆریان لەسەر راوێژکاری بەیانیانی ئەم نەخۆشخانەیە هەیە".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. کۆی کێشەکانی نەخۆشخانەی گشتی کەلار دەرخەری ئەوەیە چیدی ئەم نەخۆشخانەیە بۆ ناوەندی ئیدارەی گەرمیان توانای پێشوازی ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆشی نەماوە، هاوڵاتیانی ناوچەکەش متمانەیان بە نەخۆشخانەکە بەتەواوی بەرەولاواز بون دەچێت، ئەمە لە کاتێکدایە نەخۆشخانە وەک خزمەتگوزاری سەرەکی دەبێت فەراهەم بێت، و بەردەوام لەلایەن حکومەتەوە ئەم کەرتە بەرەوپێش ببرێت نەک بەپێچەوانەوە.

٢. کۆمەڵێک لە کێشە دیارەکانی نەخۆشخانەکە کە سەرجەمیان وابەستەن بە کێشەی بیناو نەبونی ژمارەی پێویست لە پزیشکی نیشتەجێ.

ا) نەبونی سیسیتەمێکی دیاریکراو بۆ بینینی نەخۆش کە سەرەنجام پزیشکان ناچارن نەخۆشەکان بەرپیکەن لەبری ئەوەی چارەسەریان بۆ بکەن.

ب) بونی پاڵەپەستۆیەکی زۆرلە بەشی راوێژکاری بە هۆی زۆری ژمارەی نەخۆش و بچوکی بەشی راوێژکاری، رۆژانە نەخۆشەکانی ئەم نەخۆشخانەیە توشی چەندین نارەحەتی دەبنەوە لە وەستانیان بۆ ماوەیەکی زۆر یان دانیشتنیان لەسەر زەوی نەخۆشخانەکە، لە کاتێکدا ئەمان نەخۆشن دەبێت ژینگەیەکی تەندروستیان بۆ فەراهەمبێت نەک بەمشێوەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار.

ج) نەخۆش لەم نەخۆشخانەیە هێشتا بە سیستەمێک دەبینرێن هاوشێوەی ساڵانێکە نەخۆشخانەکەی تێدا دروست کراوە کە کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوە، ئەوکات ژمارەی سەردانی رۆژانەی نەدەگەشت بە پەنجا نەخۆش، بەڵام لە ئێستادا رۆژانە سەدان نەخۆش لەم نەخۆش دەبینرێت، بۆیە بە هەمو پێوەرێک نەخۆشخانەکە پێویستی بە پێداچونەوە هەیە لە سەرجەم روکانەوە.

د) ناتەندروستی وەرگرتنی سامپڵ نمونەی شیکاری (فحس) لە بەشی تاقیگە رۆشتنە ژورەوەی نەخۆش بۆ لابەکان (ژورەکان) یەکێکی دیکەیە لە گرفتە ناتەندروستیەکانی نەخۆشخانەکە لەگەڵ پیسی (WC) یەکانی بەشی تاقیگەش، کە بەرکەوتەی راستەوخۆی نەخۆش لەگەڵی دایە، بۆ ئەمەش پێویستە چارەسەری دەستبەجێی بۆ بکرێت تاوەکو نەخۆشەکان بەم هۆیەوە توشی نەخۆشیەکی دیکە نەبنەوە.

ە) بەشی داخلکردنی نەخۆشخانەکە تەنانەت لە لایەن پزیشکەکانیشەوە جێگەی متمانە نیە، ئەمە بەهۆکار دادەنێن بۆ داخلنەکردنی نەخۆشەکانیان لە نەخۆشخانەکە، سەرئەنجامیش نەخۆشەکان زەرەرمەندی یەکەمن، هۆکاری نەبونی

متمانەکەشیان نەبونی چاودێریەکی بەردەوام و وردە لە لایەن پزیشکی نیشتەجێی دێرین و خولاوەوە کە پێیان وایە نەخۆشەکەیان لێرە ژیانی پارێزراو نیە.

و) کەمی یاخود نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین تەندروستی گەرمیانی روبەڕوی چەندین کێشە کردۆتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە وەزارەت مامەڵەی ناردنی پزیشکی دێرین بۆ گەرمیان گۆڕانکاری تێدا بکات، ئیدارەی ناوچەکەش پێداگری تەواو بکەن کە چیدی گەرمیان وەک پاشکۆ پزیشکی نیشتەجێ دێرین و خولاوی بۆ نەنێردرێت، چونکە بەشێکی گرفتەکانی نەخۆشخانەکە پەیوەستە بە نەبونی پزیشکی نیشتەجێ دێرین و خولاو.

٣. نا چالاکی مەڵبەندە تەندروستیەکانی ناو قەزاکەش هۆکارە بۆ ژمارەی زۆری نەخۆش لە نەخۆشخانەکە، بە چالاککردنیان نەخۆش دوای ناردنی لە مەڵبەندە تەندروستیەکان دەتوانێت بە ئاسانتر بگاتە لای پزیشکی پسپۆڕ بەمەش پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێت بە وردی بەدوادچون بۆ نەخۆشیەکەبکات و هۆکارو چارەسەرەکەی بۆ نەخۆش رونبکاتەوە.

٤. ناهۆشیاری تەندروستی بوە بە کێشەیەکی سەرەکی نێوان پزیشک و نەخۆش لە گەرمیان نمونەش نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستە تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی گەرمیان کەرتی حکومی ناوچەکە هەوڵێکی جدی بدەن لەم بارەیەوە تاوەکو دیواری تێنەگەشتنی نێوان نەخۆش و پزیشک کۆتایی پێبهێنرێت.

٥. بە پێی ئاماری ژمارەی دانیشتوان بێت کەلار پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی گشتی ٣٠٠ قەرەوێڵەییە، چونکە بەدەر لە دانیشتوانی کەلار خەڵکی گەرمیان بەگشتی رودەکەنە ئەم نەخۆشخانەیەی کە ئێستا هەیە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە دابڕینراوەکان.

٦. نەخۆشخانەی سەد قەرەویڵەیی تایبەت بە مناڵان ماوەی چەندین ساڵە کارکردن تێیدا وەستاوە، کە بەکردنەوەی رۆڵێکی باشی دەبێت لە کەرتی تەندروستی ناوچەکە، پێویستە لایەنە بەرپرسەکان هەوڵی تەواو بدەن بۆ بەگڕ خستنەوەی کارەکانی تەواوکردنی ئەم نەخۆشخانەیە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

٢. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە

٣. ڕێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ – ٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org